# نامەی نەنووسراو

ئازاد ئەرگۆشی/ پیرمام
azadergoshi@yahoo.com
٢٠٠٣/٥/٢٧

مانگە شەو بوو، برینە دەرداوییەکەی ژانێکی وای گرتبوو کەخۆی لەپەنای درختەکەدا مەڵاس دابوو، هەموو گیانی دەلەرزی، برینەکە خوێنێکی زۆری لێدەهات، گوللە بە سەر سمتەکەکانی پێکابوو کەگۆشت و ئێسقانەکانی لەپشتەوەی دەرپەڕی بوو بەجۆرێ کە جێی دەستی مرۆڤێك لەبرینەکەیدا دەبووەوە، شۆێنی برینەکەی وانەبوو کەبتوانێ بە گرێدان ڕێ لەهاتنی خوێنەکە بگرێت، هەر بۆیەش ناچاربوو جامانەکەی هەڵقورتێنێتە ناو برینەکەی و پاڵ بە دارەکەوە بنێ بەڵکۆ تا بەیانی ڕێوینگێك یا خۆد شوانێك دەیدۆزێتەوە و لە مردن رزگاری دەبێ، دەیزانی برینەکەی سەختە، بەڵام قەت بیری لە مردن نەدەکردەوە، دڵنیا بوو ڕۆژێك دەگەڕێتەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆی، پیاو کە دەکەوێتە تەنگانە باشترین شت لەو کاتەدا گەشبینیە، مرۆڤ کەگەشبین بێت ئاسانتر بەرگەی مردن دەگرێ بەئومێدی رزگار بوون لەمردن خەریکی پێداچوونەوەی ژیانی بوو. دەنگی لوورەی گورگێك بێ دەنگی شەوی شکاند، یەکەم جار بوو خۆی ئەوەها تاك و تەنیا دەدیت، چونکە پێش برینداری ئەویش بۆ خۆی کەسێك بوو، سەرێکی لە ناو سەران دا هەبوو. بەڵام ئێستا بێکەس و تەنیا لە ژێر رووناکی مانگە شەو دا چاوەڕێی دەستی قەدەر دەکات تا لەمەرگ رزگاری بکات. زۆرسەیر بوو دەتگوت چارەنووسی بنەماڵەکەی وەك یەك لەقەڵەم دراوە، دەبوایە ژیانی گشتیان بە گوللە کۆتایی بێت. تۆ بڵێی ئەم شەو دوا شەوی ژیانی بێت ؟ ئایا جارێکی تر چاوی بە ڕۆژ هەڵاتن دەکەوێتەوە ؟ ئەم پرسیارانە گشتیان بێ وەڵام بوون، ئەوەی لەبەرچاوی روون بوو مێژووی بنەماڵەکەی بوو، باپیری شەهید کرا، باوکیشی هەروا خوشکیشی، نا، نا ... هەر چییەك بێت گوللە کۆتایی بە ژیانی هێنا ڕەوا یا ناڕەوا مێژوو دیاری دەکات و .... ! ! کاتێ باوکی شەهیدکرا ئەو منالْ بوو، چاك لەیادی بوو ئەو ڕۆژە لەیەکێك لە کۆڵانەکانی گەڕەکەکەیاندا لەگەڵ منداڵەکان خەریکی یاری کردن بوو، کەهاوسێکەی هاتە لای، پێیی گوت وەرە بڕۆینە ماڵەوە. کە گەیشتە پێش دەرگای ماڵەوە گوێی لە دەنگی گریان و ڕۆ ڕۆ بوو، دایك و خوشکی لە سەرو سینگی خۆیان دەدا، کاتێ خوشکی چاوی پێکەوت خستیە باوەشی و گوتی : وەرە برا گیان لە مەودوا تۆ پیاوی ماڵەوەی، کەجەنازەی باوکیان بەرەو گۆڕستان دەبرد دایکی لە سەری خۆی دەدا و بە پێ خواسی بە دوای داربەستەکەدا ڕای دەکرد، ئەویش لە خوشکی پرسی : ئەوە کێیە خەڵك لەسەر دەست بەرزیان کردوتەوە ؟ خوشکەکەی دەڵێ : باوکمانە براگیان دەچێتە سەفەر. ئەی بۆ چی دایە دەگریێ ؟ هەر کاتێ باوکم دەچووە سەفەر یەکەم جار منی ماچ دەکرد ئەی بۆ ئەم جارە ماچی نەکردم؟ خۆشکی خۆی پێڕانەگیرا هەروا کە دەگریا دەستی کرد بەماچ کردنی براکەی و گوتی : من لەجیاتی بابە ماچت دەکەم. هەموو ڕۆژ لە خۆشکی دەپرسی : بابە کەی دەگەرێتەوە ؟ تاکو دوای چەند ساڵ ڕۆژێکیان لەگەڵ خوشکی چووە گۆڕستان ناوی باوکی لەسەر کێلێك بینی ئەو جا زانی سەفەرەکەی باوکی چەند دوورو درێژە بۆیە چی تر پیوێستی نەدەکرد چاوەڕوان بێت.

لەمەو دوا ئیدی دایك و خۆشکی زۆربەی جار باسیان لەدلێری و ئازایەتی باوکی بۆ دەکرد، تەنیا شتێك کەسەبارەت بەو فێر ببوو ئەوە بوو کەقارەمان بوو. کاتێ بوو بە پیاوێکی هەڵکەوتوو ڕۆژێك دایکی بانگی کردو تفەنگێکی دایە دەستی و گوتی : ها کوڕم ئەمە تەنیا شتێکە کە لەباوکتەوە جێماوە، ئومێد دەکەم شۆێنی ئەو بگریەوە. دەستەکانی دایکی ماچ کرد، خوشکی بە نیگەرانی تەماشای برا ودایکی دەکرد دیار بوو حەزی لێ نەبوو براکەی تفەنگ هەڵگری. هەمیشە بەدایکی دەگوت : دایەگیان برام تاقانەیە بۆ دەبێ تفەنگ هەڵگرێ مەگەر خەلافەتەکە دەبێ پشتا و پشت بێت. خوا نەخواستە ئەگەر ڕۆژێك تووشی بەڵایەك هات چ قوڕێك دەکەینە سەرمان !؟ قوربەسەر دەبین ئیتر کەسمان نامێنێ، براکەم هەموو کەسی ئێمەیە. پاش ئەو ڕۆژە کەمتر دەهاتە ماڵەوە، بوو بەپێشمەرگە هەندێك جار سێ چوار مانگی پێ دەچوو ئەوجا سەرێکی لەماڵەوە دەدا ئەویش هەمیشە بە پەلە دەگەڕایەوە. خوشك ودایکی تەنیا بەهیوای ئەو زیندو بوون، جارێکیان کەبەسەردان گەڕابۆوە ماڵەوە، بینی دەرگای حەوشەکەی

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
02/07/2003 15:35

ماڵەوەیان کراوەیە، ویستی لەپڕێکا بڕواتە ژوورەوە بەبێ ئەوەی دایك و خوشکی ئاگایان لێ بێت. پێشان کاتێ وەژوور دەکەوت هاواری دەکرد چۆنی دایەگیان، دایکی بە بینینی شاگەشکە دەبوو لە خۆشییا فرمێسکەکانی دەهاتنە خوارەوە، بەڵام ئەم جارە تەنانەت بزەیەکیش نەهاتە سەر لێوی، دایکی خەمناك و داماو لەقوژبنێکی ژوورەکەدا رونیشتبوو، دەتگوت بیست ساڵ پیرتر بووە، روخساری لاواز و رەش قەلیای، تەنیا دوو چاوی لە قولەتێنی چاوەکانی دا دەبریسکانەوە چاوەکانی مەرگیان لێ دەباری کە بەم شێوەیە دایکی بینی هەستی کرد نیگا خەمناکەکانی دایکی قەفەسەی سینگی کەلاشتوویانە و دەیانەوێ دڵی لەشوێنی خۆی هەڵکەنن، تەزوویێك بەسەر لەشیدا هات واشلەژابوو نەیدەزانی چی بکات، چاوەڕێی دایکی دەکرد قسەیەك بکات، بەڵام دایکی قسەی پێ نەمابوو. نەیدەزانی چی بکات، وەك منداڵێکی ساوا خۆی خستە باوەشی دایکی لێی دەپاڕاوە دایەگیان توخوا قسەیەك بکە، تو خوا بڵێ چی روویداوە؟ بۆ چ ئەوەندە لاواز بوویت ؟ دایکی تەنیا دەگریا، پرسیاری خوشکەکەی لێکرد بەڵام گریان تەنگی پێ هەڵچنی بوو، سەرەنجام زانی چی روویداوە، کارلەکارترازاوە ئای خوشکە- !!!

خەریك بوو شێت دەبوو نەیدەزانی چی بکات بۆ کوێ بڕوات لە دەست ئەم هەموو ریسواییە بۆ کوێ پەنا ببات چی بە دەرو دراوسێ بڵێت، بەجۆرێ کە سپی کردنەوەی بەهایەکی گرانی دەوێ. هەر کاتێ چاوی بە دایکی دەکەوت وایدەزانی پێی دەڵێ : دەی وەکو کوڕی پیاوان ئەم ریسواییە بڕەوێنەوە، سەرەئەنجام کاتێ دایکی هەموو شتی بۆی ڕوون کردەوە بۆی دەرکەوت کە خورتی لە خوشکەکەی کراوە، خوشکی ناچار بووە خۆی تەسلیم بکات چونکە کابرا سەر ناس و دەست ڕۆیشتوو بوو. خۆشی دەسەڵاتی کابرای نەبوو، هەر هیچ نەبێ بە لای خۆیەوە وای دادەنا کە دەسەڵاتی نییە بۆیە تەنیا رێگا کوشتنی خوشکەکەیەتی، دوای کوشتنی خوشکی دایکیشی لە داخی کچەکەی مرد.

ئێستا خۆی بوو لە گەڵ خێزانەکەی و کچ وکوڕەکەی. ناخۆشترین ساتی ژیانی ئەو کاتە بوو کە خوشکی پێلاوەکانی ماچ دەکرد بۆ ئەوەی وازی لێبێنی و نەیکوژێ با ئەویش وەکۆ سەدان کەسی سەر زەوی درێژە بەدۆزەخی خۆی بدات، منداڵەکە چ تاوانێکی هەیە کە سەر ئەنجامی دەستدرێژییێکە ؟ خوشکەکەی دەیگوت : ئەگەر بتەوێ سەر بەرزی بۆ بنەماڵەکەت بگەرێتەوە یەکەم جار دەبێ ئەو کەسە بکوژی کە تووشی ئەم چارە نووسە ڕەشەی کردم، کێ دەڵێ من یەکەم و دواین قوربانی دەبم ؟ بەڵام براکەی گوێیی لە قسەکانی نەبوو تەنیا شتێکی دەزانی ئەویش ئەوە بوو کە دەبێ خوشکەکەی بکوژرێرت تاوانبارە یا بێ تاوان گرنگ نییە، چونکە دەیزانی هێشتان حسابی تاوانبار و بێ تاوان لێك جیا نەکراونەتەوە، لەولاتەکەی بێ کەسان و بێ دەسەڵاتان توانبارترین کەسن !! کاتێ یەکەم گوللەی لەسنگی خوشکەکەیدا بەتاڵ کرد هەستی کرد لەدەرونەوە روخاوە، چاوەکانی رەشکەو پێشکەیان دەکرد، ژانێکی سەخت بڕبڕەی پشتی داگرت بەجۆرێ کەلەژانا ناڵەیەکی جەرگ بڕی کردوگوتی دایە گیان. چاوەکانی داخست، یەکەم جاربوو هەستی بە تاوانباری خۆی دەکرد، ئێستا دەیزانی کەخوشکی پاکترین بوونەوەری گۆی زەوییە کەمرۆڤ تاوان بەتاوانێکی تردەسڕێتەوە نارەواییەکی دیکە دەخاتە سەرزەوی. گوڵێك بەنارەوا هەڵوەرا، داخەکەی ئەوەبوو کەدەستەکە هەروا بەردەوام خەریکی هەلۆەراندنی گوڵەکان بوو. بۆ یەکەم جار لە خۆی پرسی بە ڕاستی کێ بکوژی خوشکەکەیەتی ؟؟ نا، نا ناکرێ من بم، خوشکم سزاواری مەرگ بوو، نەدەکرا لەمە زیاتر درێژە بە ژیانی خۆی بدات ئەی حسابی شەرەف و ناموسی بنەماڵەکەمان چۆن دەمان توانی لای دەرو دراوسێ سەربەرزکەینەوە. لەوپەڕی نائومێدی یەك دو جار سەری خۆی لە درەختەکەدا و هاواری کرد، نا، نا من کەسم نەکوشتووە، من کەسم نەکوشتووە. دەنگێك هاتە گوێی کە پێی دەگوت : بتەوێ و نەتەوێ تۆ بکوژی خوشکەکەتی، تۆ خوشکە بێتاوانەکەی خۆت بەکوشتندا بەڵام تاوان هەروا بەردەوامە، هی وەکۆ تۆ بوون بەپەرژین، بوون بەچەپەر و لەژێر سێبەری ئێوەدا خەریکی هەلۆەراندنی گوڵەکانن.

کاتێ چاوەکانی کردەوە بینی خوشکی چەند هەنگاوێك لەولاتر وەستاوە، روخساری لە ژێر رووناکی مانگە شەودا وەك پەری وابوو، ئەوەندە جوان بووکەمرۆڤ لەتەماشا کردنی تێر نەدەبوو، بەرامبەر بەو هەموو جوانییەی قسەی پێ نەبوو. بەلای خۆیەوە گوتی خوای گەورە ئەو هەموو جوانییەی لەکوێ هێناوە ئایادەکرێ مرۆڤ تاوانبار بێت وئەوەندە جوانیش بێت ؟

نا، نا دوورە لەئەقل هەر شوێنك کە جوانی لێ بێ دوورە لە تاوان. خوشکەکەی کەمێك لێی نزیك بووەوە بە جۆرێ کە بەژن و باڵای بە جوانی لە ژێر رووناکی مانگەشەودا دیار بوو، سینگی خوێناوی بوو، دەستی منداڵێك لەتەنیشتی راستی دەرپەڕی بوو دیمەنێکی دڵتەزێن بوو، ویستی لەشوێنی خۆی هەستێ بەرەو خوشکی بڕوات بەڵام دەردی برینەکەی ئەوەندە کوشندە بوو

www.kurdistannet.org
02/07/2003 15:35

هەناسەی لەبەر بڕابوو ناچار تەنیا توانی تەماشای بکات. پێکەنینێکی تاڵ سەر لێوی خوشکەکەی بوو، ئەو تاڵییە کوشندەیەی کە براکەی بۆی نایەوە، بۆیە بەتاڵییەوە گوتی : سەرئەنجام تۆش بویتە قوربانی وەکو باوکم. پاشان وون بوو، هەرچی بانگیکرد کەس وەڵامی نەداوە. سەرەتا وای زانی شێت بووە یا خود تووشی خەیاڵات هاتووە بەڵام ئەوەی بینی خەیاڵ نەبوو بە ڕاستی خوشکی بوو ئەی بۆ کوێ چوو ؟ واتا ئەویش لێی بێزار بووە ؟ ئەو خۆشکەی کە ئامادە بوو لە پێناوی دا بمرێ، ڕۆژێ سەد جار خۆی دەکردە قوربانی، هەمیشە پێی دەگوت : کاکە گیان بە قوربانت بم کاکە گیان ئاگاداری خۆت بە. بێجگە لەتۆکەسم نییە نەك بێکەسم بکەی. کەچی لەکاتی تەنگانەدا پشتی تێکرد تەنیا لەپێناوی ئەوەی چەند ساڵێك درێژە بەتەمەنی بدات خوشکەکەی کردە قوربانی، بە ڕاستی بۆ ؟ لە پێناوی چی ؟ لە پێناوی سەر بڵندی بنەماڵەکەی ؟ مەگەر لە وڵاتەکەی چ شتێکی پیرۆز ماوە کە مرۆڤ لە پێناوی خۆی بکات بە قوربانی ؟ بە دڵنەواییەوە گوتی : ئەو سەردەم هێشتان زۆر شت مابوو کە بەهای خۆیان لە دەست نەدا بوو، بەڵام ئێستا چی ؟ ئێستا هەموو ئەو شتە بەهادارانە بێ بەها بوونە، ئایا سەر ئەنجامی هەر خەبات و تێکۆشانێك ئەویە .... ؟

بەڕاستی ئەمە چ جۆرە خەباتێکە؟ کە بەرخەکان سەر دەبڕین و گورەگەکان بەخێودەکەین. ماوەیەك گشت مەڕەکانی دەووروپشتی شارەکانیان کۆ کردەوە بردیانە گوندەکان بەو ناوەی کە پاوانەکانی دەوروپیشتی شارەکان لەڕووی گژوگیاوە بێ پێت و بەرەکەت بوونە لەگوندەکان گژوگیای باشتر بەدەست دەکەوێت لە هەمووی گرنگ تر گورگەکان لە گوندەکان کەمتر بوونەتەوە ژیانیان لە مەترسیدا نابێت. قوڕ بە سەر مەڕەکان، نەیان دەزانی بۆ هەر شوێنك بڕۆن گورگ هەر گورگە هەر ئەوەندەیە دەستی خۆی ببینێ، لەو کاتەدا بەزیی بەکەس دانابەن زۆر لەمێژ نەبوون چەند مەرێکی خزمەکانی بوون بەخۆراکی گورگوکان .... !!! لەو پەڕی نائومێدیدا دەستی کرد بە گریان، دەنگی لوورەی گورگێك وەخۆی هێناوە بەچاوی پڕ لەفرمێسك تەماشای دەرووبەری کرد، گورگێکی لە بەرابەر خۆی بینی چاوی بڕییە چاوەکانی چاوەکانی ئەوەندە دڕندە نەبوون کە خەڵك باسیان لێوە دەکرد. چاوەکانی پڕ لە میهربانی بوون. بەگومانەوە لە خۆی پرسی بە ڕاستی گورگەکان دڕندەن ؟ کەواتە ئەم جۆرە نیگایە چ مانایەکی هەیە ؟ ئەم هەموو میهرباننییە لە کوێ هاتووە ؟ لە ناکاو ژانی برینەکەی بەجۆرێ زیاد بوو کە ئەوەندە نەمابوو لەدەردا هەناسەی دەرچێ، برینەکەی سارێژ ببوو، خوێنێکی زۆری لێ چوو بوو، بەرگەی ژانەکەی نەدەگرت، بێ هێز ببوو ڕووی کردە گورگەکە و گوتی چاوەڕێی چیت؟ وەرە، وەرە بمخۆ مەگەر برسیت نییە؟ بەڵام گورگەکە لەو پەڕی بێدەنگیدا لەژێر ڕووناکی مانگەشەودا بەڕێکەوت. ئەوە بوو کە قسەی مامۆستاکەی وەبیر هاتەوە. کەدەیگوت : هیچ گیانەوەرێك لەمرۆڤ دڕندەتر نییە، دڕەندەترین گیان لەبەر ئەگەر تێر بوو ئیتر کاری بە کاری کەس نییە، چونکە تێرە، بەڵام کاتێ مرۆڤ تێردەبێ تازە بەتازە دڕندەیی بەدەر دەکەوێ. چونکە هەمیشە دەیەوێ تێر بێت، بەکەمیش قایل نییە، چەندی هەبێت هێشتان پێی کەمە، هەرکەس ببێتە کۆسپ بەرامبەر بە ئارەزووە تێر نەبووەکانی لە ناوی دەبات جا هەر کەسێك بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەوەی بەدەستی هێناوە نایەوێ لەدەستی بدات. دیسان ئەوساتەی بەبیر هاتەوە کە خوشکی لە بەری دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی لە کوشتنی پەشێمان بێتەوە، کەخوشکەکەی نائومێد بوو زانی براکەی بڕیاری خۆ داوە گوتی: دەی چاوەڕێی چیت ؟ بۆ نامکوژی، مەگەر ناتەوێ ببیت بەقارەمان؟ مەگەر ناتەوێ پێت بڵێن ئافەرین کوڕی باش ؟ ئەمە باشترین ڕێگا بوو تازە کار لەکار ترازاوە خۆ ناتەوێ گەنجایەتی خۆت بکەیتە قوربانی خوشکت ؟ ئەویش چ خۆشکێك !! ـــ دەرداوی ترین کات ئەو ساتە بوو کەتفەنگەکەی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی کۆتایی بە ژیانی دوو بەسەزەمان بێنێ کەخوشکی داوای لێکرد : براگیان مادەم هەر دەم کوژی تکات لێدەکەم بە تفەنگی باوکم مەمکوژە چونکە تفەنگی باوکم بێ تاوان کوژ نییە.

چاوەکانی ڕەشکە و پێشکەیان دەکرد پەردەیەکی ڕەش چاوەکانی داپۆشی خەریك بوو دەرشایەوە. سەری دەسوڕا، هەرگیز ئەوەندە تەنیا نەبووە لەناکاو گوتی ئاخ دایەگیان لە کوێی ؟ دەبینی خەریکە کوڕەکەت تاك و تەنیا دەمرێ بەبێ ئەوەی کەس گوێی لێ بێت، ڕاستە دەڵێن قارەمانان تەنیا دەمرن ؟ لەناکاو دەنگێك هاتە گوێی وگوتی: قارەمانان وەك درەختان ڕاوستای دەمرن نەك وەکو تۆ لەو پەڕی بێدەسەڵاتیدا، کاتێ چاوەکانیکردەوە، بینی دایکی چەند هەنگاوێك دوور لەو وەستاوە، لەدڵی خۆیداگوتی: تۆ بڵێی ئەم قسەیە ڕاست بێت کاتێ مرۆڤ دەمرێ مردووەکان دێنە پێشوازی کەواتە دایکی هاتوتە پێشوازی. ویستی

لــە شــوێنی خــۆی هەســتی بــەڵام بێهزتــر بوو لەوەی کەبتوانێ لەسەر پێ بوەستێ. ناچار تەنیا توانی بە تەماشا کردن پێشوازی لە دایکی بکات.

دایکــی گوتــی : ســەرئەنجام تــۆش وەك باوکــت لەوپەڕی بێدەنگییا دەمری، بەڵام جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئێوەدا هەیە. باوکت هەرگیــز بێتاوانێکــی نەکوشــتووە، بەڵام تۆ کوشتت، بۆ ئەوەی خۆت زیندوو بمێنیەوە، ئاسانترین ڕێگات هەڵبژارد کەهەرمرۆڤێکی بــێ تــوانا دەیتوانــێ ئــەم هەڵوێستەی هەبێت - تۆ بەم کارەت بویتە هۆی قوربانی کردنی سەدان کەسیتر، وەکو خوشکت، تۆ لە ژێــر ســێبەری خوێنــی خوشــکتدا ژیــاوی، ئەگــەر بتەوێ گژوگیای بێبەر لە ناو کێڵگەیەك دا لە ناو بەری دەبێ لەڕەگ و ڕیشەوە دەریبــێنی، بەداخــەوە، هــی وەك تــۆ تەنیا خەریکی دروێنەن، خۆشت چاك دەزانی دروێنەکردن نەتەنیا ئەم جۆرە گژوگیایە لەناو نابــات بەڵکــو ســاڵ بــە ساڵ بە هێز تریان دەکات و هی وەکۆ تو بەرپرسن بەرامبەر بەدرێژ بوونی تەمەنیان، هەر لەبەر ئەمەشە هەرگیــز لەگــوندەکەمان گوڵــێك پێنەگەییوە، ئەگەر گوڵێکیش لەم بەرو ئەو بەر پێگەی بێت تەمەنی زۆر کورت بووە چەند ساڵە شایەتی هەڵوەرینی گوڵەکانی گوندەکەتی ؟

هەرگیــز نــەت پرســیوە بۆچــی تەمەنــی گوڵەکانــی گــوندەکەمان ئەوەنــدە کــورتە؟ گوڵەکانی گوندەکەمان تایبەتن بەکەسانێك، هەمــووکەس ناتوانــی بۆنــیان بکــەن. زۆر سەیرە گوڵەکانی خۆیان لەپەنای هەزار دەرگا دەشارنەوە ئارەزویان بینینی تیشکی خۆرە هــەر کاتــێ بــە هەڵەش چاویان پێ بکەوێ لەڕەگ و ڕیشەوە دەریان دێنن !! کەس مافی ئەوەی نییە گوڵەکەیان بۆن بکات ! بەڵام هیچ گوڵێك نەماوە کەلەدەستیان پارێزراو بێت، ئێوەش هەر وا تەماشاتان دەکرد، بەبێ ئەوەی بیر بکەنەوە بە ڕاستی ئەم گوڵانە چــیان بەســەر هــات، خــۆئەمانە ڕەنــگ و بۆنــیان هەبــوو، هەناسەیان هەبوو، ئەی کوا ؟ کە قسەکانی دایکی گەیشتە ئێرە چی تر تــوانای نەمابــوو گوێ لە قسەکانی بگرێ بۆیە هاواری کرد تۆ خوا بەسیەتی دایەگیان، چیتر بەرگەی ئەم جۆرە قسانە ناگرم، وازم لێ بێنە، با بەبێ چەرمەسەری بژیم.

لــەو ڕۆژەی کەبــویت بــە پــیاو هەمیشــە هــەوڵت داوە بێ دەردە سەر بژی. بە ڕاستی خێزان و منداڵەکانت بە تەمای کێ بە جێ هێشــتوون ؟ کــێ پــەروەردەیان دەکــات ؟ لە گەڵ ئەم پرسیارە ئاگای لەخۆی نەما. کاتێ وەخۆ هاتەوە تەنیا بوو لەگەڵ ئەستێرە و مــانگ. تەماشــای ئاسمانی کرد، لەخۆی پرسی ئایا جارێکی تر چاوی بەئەستێرەکان دەکەوێتەوە ؟ ئایا جارێکی تر دەتوانێ تەماشای ئــاوا بوونــی مــانگ بکــات؟ چاوی بڕییە مانگ، بەڕاستی زۆر جوان بوو، تەماشای ئاوا بوونی دەکرد، لەناکاو هەستی کرد روخساری خۆشــکی کەوتــۆتە ناو مانگەکەوە، بزەیێکی شیرین لەسەر لێوی بوو، وەك ئەو کاتەی کەدوای چەند مانگ دەگەڕایەوە ماڵەوە، بە زەردەخەنــە جــوانەکەی پێشوازی لێ دەکرد، دەستی دەکرد بە ماچ کردنی براکەی، مانگ لە گەڵ زەردەخەنەی خوشکی ئاوا بوو، ئــیتر تاریکــی باڵــی بەســەر دنــیادا کێشــا، بــێجگە لەتروسکایی ڕووناکــی ئەســتێرەکان چــی تــر دیــار نەبــوو. لــە ناکــاو دەنگــی کوندەبەبوویەك پشتی لەرزاند، چونکە لە منداڵییەوە وا فێر کرا بوو کە دەنگی کوندەبەبوو شومە، نیشانەی مەرگ و کاولکارییە، ژانی برینەکەی ئەوەندە سەخت بوو هەستی کرد دڵەکەی دەیەوێ لە دەفی سینگییەوە دەرپەڕێ. تەماشای سەرەوەی کرد، چاوی بــە دوو چــاوە خڕەکانــی کوندەبەبــووەکە کــەوت کــە لــە ســەر درخــتەکە هەڵکورمابــوو. دەســتی بــۆ بــەردێك بــرد بــۆ ئەوەی کوندەبەبــووەکە دوور بخاتەوە، بەڵام نەیتوانی. تازە وەبیری هاتەوە کە دایکی لێرە بوو، لەو پەڕی نائومێدیدا دوو سێ جار بانگی دایکــی کــرد، لــە جیاتــی ئــەو تەنیا کوندەبەبووەکە وەڵامی دایەوە. جارێك هاواری کرد : تۆ هەر بڵێ، ئەوەی بیری لێ ناکەمەوە مــردنە، خۆ بە قسەی تۆ نابێت لەو مەرگە ساتەدا بوو کە پرسیاری دایکی وەبیر هاتەوە بە ڕاستی خێزان و منداڵەکانت بە تەمای کێ بەجێ هێشتووە؟ دەستە لەرزۆکەکەی بردە ناو باخەڵی و وێنەیەکی خێزانەکەی و کچە و کوڕەکەی دەرهێنا بەڵام دنیا ئەوەندە تاریــك بــوو نەیتوانــی وێــنەکە ببــینێ، لــەناکاو ئەستێرەیەك لەو سەری ئاسمان بۆ ئەو سەری ئاسماندا ڕژا. بەجۆرێ کەرووناکی ئەوەنــدە بــە هێز بوو بە ئاسانی توانی وێنەکە ببینێ، زۆر سەیر بوو، هەر سێکیان بزەیەکی تاڵ لەسەر لێوەکانیان بوو، نەیدەزانی چــی ڕویــداوە چونکە زۆر چاك لە بیری بوو کاتێ وێنەکەی گرت جوانترین و ناسکترین زەردەخەنە لە سەر لێوەکانیان بوو. ئەی بۆ نــەماوە ؟ بــۆ چــی شــوێنی خــۆی داوەتــە ئــەم بــزە تاڵــە ؟ ئایــا ئەمانــەش دەیانەوێ وەکو کوندە بەبووەکە هەواڵی مەرگەی پێی ڕابەگەێــنن ؟ ئــارەزوی بــوو جارێکیتر بیان بینێتەوە، بەڵام ئەم بزە تاڵە پشتی شکاندبوو، وایدەزانی ژیانی بەرەو تەواو بوونە چیتر چاوی بە ماڵەوە ناکەوێتەوە، چیتر گوێی لە پێکەنینی منداڵەکانی نابێت، ئیتر کەس نییە قاچەکانی بۆ بشێلی. ناڵەیەکی جەرگ بڕی

www.kurdistannet.org
02/07/2003 15:35

کـردو دەسـتی کـرد بـە گـریان. دووبـارە پرسـیاری دایکـی وەبیر هاتەوە، ژن و منداڵەکانت بە تەمای کێ بەجێ هێشتووە ؟ کێ پـەروەردەیان دەکـات ؟ بـە جارێك بیرێکی ترسناك باڵی بەسەر دەروونیدا کێشا، تۆ بلێی کچەکەم دووچاری چارەنووسی خوشکم نەبـێت ؟ و کـورەکەم لـە پێـناوی درێـژە پـێدان بـە ژیانی خۆی وەکۆ من خوشکی خۆی نەکاتە قوربانی ؟. دووبارە دەنگی کوندە بەبـووەکە بـەرز بـووە، بـە دڵێکـی پڕ لە ئاخ و کەسەرەوە گوتی بریا بمتوانیبا نامەیەك بۆ کوڕەکەم بنووسم، کاتێ دەستی بردە گیرفانـی دەفـتەر و قەڵەمەکـەی دەرهێـنا ئەوجا زانی شەوە، چۆن دەتوانێ لە تاریکی دا نامە بنووسێ؟. بە نائومێدی سەری بەرز کـردەوە تەماشـای ئاسمانـی کـرد، بـە گـریانەوە گوتـی خـوایە دەکرێ یەکێك لە ئەستێرەکانت لێم نزیك کەیتەوە بەڵکو بتوانم نامەیـەك بـۆ کـوڕەکەم بنووسم بۆ ئەوەی ئەو هەڵەی من کردم ئەو دووبارەی نەکاتەوە. کەچی هەرگێز ئەستێرەیەك لێی نزیك نەبـۆوە لە تاریکیدا بە تەمای هەڵاتنی یەکەم تیشکی خۆر بوو بە لای خۆیەوە گوتی لە گەڵ یەکەم گزنگی بەیان نامەکە دەنووسم. دووبارە کوندەبەبووکە بە دەنگە شومەکەی بێ دەنگی شەوی شکاند و پاشان دایە شەقەی باڵ و لەدڵی تاریکی شەودا وون بوو.

لـە گـەڵ فڕینـی کـوندە بەبووکە هەناسەی سوار بوو، دلێ خێراتر لێی دەدا پەردەیەکی ڕەش بەر چاوەکانی گرت، ئاسمان یەك پارچـە رەش بـوو، ئەسـتێرەکانیش کـوژانەوە. بەڵام هێشتان مێشکی لە کار نەکەوت بوو، بە دڵنیاییەوە دەیگوت کوڕم لەوە ئاقڵ تـرە هەرگیـز ئـەو هەڵەیـەی مـن کـردم دووبـارەی ناکاتەوە، نا، نا، ئەگەر بۆ دڵنیایش بێت پێویستە نامەکە بنووسم، چاوەکانی داخست بەو ئومێدەی کە لە گەڵ گزنگی بەیان نامەکەی بۆ بنووسێ، خۆر هەڵات، ژیان بە دڵەڕاوکێوە سەر لەنوێ دەستی پێکرد.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.